# گـــوڵـــەكـــانی ناو ئنجانەكەی دڵـم ئاوادەڵێ

حەمەشوان شەریف
hamashwan1@hotmail.com
سوید03,01,2005

1-

لێرە دانیشە مەڕۆ      دڵنیابە
تا ئەوبەری سنور ئەچم پێش سپێدە دەێمەوە لات .
- کچێ زوو وەرەوە   چڵێ هەناسەیەکی سەوزم
تاسبەینێ تۆ دێیتەوە من دەدەزانم
پیردەبم و بەفر لەسەری من دەچێ .!.

*   *   *

2-

ئەی وڵاتی پڕلەگەڵای بیرەوەری دڵداریم
ئەی هەناسەی ساڵەکانی بیابانی گوڵدارم
بەر لەوەی لەژێر نیگایەکتا داڕوخێم
دەمویست ببمە مۆردانەیەکی سەرەڕێگە
نەبا چڵێ داری سەرەڕۆ لە شۆستەکە یاخی ببێ و
نا یاسایی لە جادەکەوە بڕۆیی !
یان دەمخواست
قردێلەیەکی بێدەنگبم و لەسەرڕەفەی پەنجەرەکەت دامنێیی
هەرکات حەوسەڵەی پیاسەیەکت بوو
بم دەیت لەسەرت و بڕۆیی !.

3-

هەموو پەیمانێک  زیندانێکە لە درۆ
بەڵێنێکە وەک گۆچان چەماوە یە .

4-

من بە هارێکی نەدیوەم و پاییزێکی لەبەرچاوم
هەمیشە ئەوەشم لەبەرچاوە
تنۆکە شەونمێکە گوێی بەردێکی ڕەق دەسمێ !.!

-5

مەیکەرەوە
بەر لەوەی سەفەرکەی لە ناو چانتاکەتدا داینێ ،
عەشق بەهایی خۆیی هەیە
نامەوێ جەستەیی تۆش بەگێلییەوە لێم بڕوانێ .!.!

-6

تۆ بوەستە
با لەڕوخسارت وورد ببمەوە
دەمەوێ لەچاوانتا وونببم
داخم لێدێ هیچ ڕستەیەکم پێنیە ئەوەندەی لێوت تەڕبێ .!.